# ژنێك... بیست و پێنج ساڵە دەستنوێژی عەشقی هاوسەرە شەهیدەکەی نەشکاندووە

**دیدەم و ئاوات**




یەکێك لەئامانجەکانی ڕۆژنامەی "دێرین" گرنگیدانە بە ڕۆڵ و بەشداریکردنی ژن لەمەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیان، بەتایبەتیی خەباتی سیاسیی و پێشمەرگایەتی کەلەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان ئەوانیش شانبەشانی پیاو بەشدارییەکی کاریگەریان هەبووە، هەربۆیەش لاپەڕەیەکیی بۆ بەسەرکردنەوەو لێدوان لەسەر ئەو ژنانەی کەخۆیان بەشداری خەباتی پێشمەرگایەتی، یان وەك پاڵپشتێکی کاریگەر بۆ (کور و براو و باوك و هاوسەر)ەکانیان، کە هەموو کات هاندەریان بوون، یا لەوکاتانەی یەکێك لەوخۆشەویستانەیان شەهید یا زیندانی کراون و لانەیان لێشێواوەو ڕێرەوی ژیانیان بەوهۆیەوە بەرەو ناخۆشی و ئاستەنگ و چەرمەسەری هاتوون.

یەکێك لەوشێرە ژنانەی کەلەو پێناوەدا، هەموو تەمەنی جوانی و گیانی خۆی کردۆتە قوربانی ئەو دۆزە، خاتوو"ئایشە عەزیز مەعروف"ە.

ئەو ژنە ئاکار بەرزو رووسورە ساڵی "1961"لەبەکرەجۆ هاتۆتە دنیاوەو ساڵی "1976" لەتەمەنی پانزە ساڵی لەگەڵ "عارفی مەلای کاکەحەمە"، چۆتە ژیانی هاوسەرییەوە، تەنیا دوای پێنج ساڵ، لەساڵی"1981" هاوسەرەکەی شەهید دەبێت، کەئەوکاتە تەمەنی ئایشەخان "20"ساڵ دەبێت، ژنێکی شۆخ و شەنگ لەو تەمەنە دەیان جار خوازبێنیی دەکرێتەوە، بەڵام ئەو سەربەرزانە بڕیاردەدات دەستنوێژی عەشقی هاوسەرە شەهیدەکەی نەشکێنێ و ژیانی تەنیایی و تەنیا پەروەردەکردنی منداڵە تاقانەکەی بکاتە خەمی هەرە گەورەی خۆی. بەڵام، تیغی کات و خەمی لەدەست چوونی هاوسەرە ئازیزەکەی "شەهید عارف"، بێباکانە لاپەڕەی جوانی و تەمەنی ئایشەخان دەبڕێ، ناسۆری تەنیایی و گرفتەکانی ژیان و راونان و ئیهانەکردنی پیاوانی بەعس، هەر ڕۆژەی ئایشەو کۆرە تاقانە چەند مانگیەکەی راپێچی حەشارگەیەك دەکرد، هەزاران دەردی سەری و درکەزی هاتۆتە ڕێی ژیانی، بەڵام ئەو کە گۆشکراوی بیری هاوسەرە شەهیدەکەی "کوردایەتیە"، کەم تازۆر ڕێبازی شەهید عارف و یادگارییەکانی فەرامۆش نەکردوو لەگەڵ ڕۆژگاردا دەجەنگی، جەنگێك لەپێناو سەربەرزی و وەفادا، وەفایەك بەرامبەر خۆشەویستەکەی، خۆشەویستییەك کەلای ئەو بەردەوام نوێدەبێتەوەو کۆتایی نییە.

عارفی شەهیدی هاوسەری ئایشەخان، تاقانەی دایك و باوکێك و برای پێنج خوشك، خۆشەویستی ناوخەڵك و ڕۆشنبیرو دڵسۆزی خاکەکەی بوو.

کاتێك ژن دەهێنێ، خانەوادەکەی"دایك و باوك و خوشکەکانی"، تەمەننای بینینی نەوەی ئەو دەکەن، باوکە جوتیارەکەی هەمیشە دەیەوێ لەبەر چاوانی ون نەبێت و ئەگەر ڕۆژێك یائێوارەیەك بەدرەنگەوە بهاتبایەوە، بەردەرگای بەرنەدەداو لەچاوەڕوانی تادرەنگانی شەو دەمایەوە.

ئایشەخان و شەهید عارف کوڕێکیان دەبێت، ناوی دەنێن "مژدە"، بۆ باوك و دایك و خوشکەکانی و هەردوو هاوسەرە ئازیزەکە خۆشترین مژدە بوو، بەڵام تەنها دوای "سێ" مانگ لەو مژدەیە، کاکەعارف بڕیاری جێهێشتنی ئازیزانی و بەتایبەتی مژدەو ئایشەخان دەداو لەچلەی زستان بەرەو چیا سەرکەشەکان هەڵدەکشێ و دەبێتە پێشمەرگە لەدۆڵی جافایەتی، هەروەك چۆن کاکە عارف و مژدەی تاقانەی نەیاتوانی زیاتر لەسێ مانگ بەیەکەوە بمێننەوە، ئاواش دوای تەنیا چوار مانگ بەیەکەوە بوون لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی لەمانگی نیسانی"1981"، کاکە عارف کە ئەو کاتە بە مامۆستا دڵشاد ناسرابوو لەگوندی ئالانەی دۆڵی بالیسان شەهید دەبێت.

ئایشەخان دەربارەی هاوسەرەکەی دەڵێ: کاتێك شوم پێکرد، زانیم کاری ڕێکخستن دەکات و پەیوەندی بەکاك بێستون سابوراوابییەوە هەبوو، هەمیشە باسی لەئەرکی نیشتمانیی و ژیانی پێشمەرگایەتیی دەکرد، ئەو پێشبینی هەموو ئەو ڕووداوانەی دەکرد کەبەسەرماندااهات، بۆیە لەگەڵ ئەوەی زۆری خۆشدەویستم و دڵی بەژیان خۆشبوو، ئەو باش دەیزانی تەنیاو تەنیا تاقانەی بنەماڵەکەیەتیی و تاکە برای هەر"5"خوشکەکەیەتی و هەموو خۆشی دونیایان لەچاوی ئەوەوە دەبینی، خۆشی بۆتە باوکی کوڕێکی تاقانە، رایدەهێنام خۆگرو بەتوانابم، پێی دەووتم: ڕۆژێك دێت دەبمە پێشمەرگە و جێتدەهێڵم، لەوانەیە شەهیدیش بم، تۆدەبێت ئاگات لەمژدەو دایك و باوکم بێت، لەسەروو هەموشیانەوە هانی دەدام باوەڕی کوردایەتیی و پیرۆزی ڕێبازەکەی وننەکەم.

کاتێك ئەو ژنە باسی لەو ڕۆژگارانە دەکرد، لەسیمایدا تاڵییەکانی ژیان بەروونی بەدیدەکران و هاوکاتیش خۆگرو بڕوا پتەو بوو.

دواتریش وتی: ئەو ڕۆژەی کە بڕیاریدا و ڕۆیشتە دەرەوە، بڕیارەکەیم قبوڵکردو هیچ ڕێگریەکم نەکرد، چونکە بەتەواوی ئاشنای ئەو و فکرەکەی بووم، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دانابووم، چاك دەمزانی ڕێبازەکەی ئەو لەوە دژوارتریشە.

لەدوا ساتدا پێی وتم: ماوەیەکی تر تۆش لەگەڵ خۆم دەبەمە شاخ، ئەگەر شەهیدیش بوم، ئەوا دەتسپێرم بەئیرادەی خۆت. ئەوە بوو عارف ڕۆیشت و هیچ هەواڵێکی نەبوو، پاش چوار مانگ دوو کوڕی خزمی خۆمان چوون تا لای ئەو بن بەپێشمەرگە، لەوێ هەڤاڵەکانی ئەوانیان بردبووە سەرگۆڕەکەی، ئینجا هۆکاری دیارنەبوونی ئەومانزانی کە شەهید بووە.

پاش کەمێك بێدەنگبوون، ئایشەخان ئێمەشی راپێچی ساتەوەختی بیستنی هەواڵەکە کردو وتی: کاتێك وتیان عارف شەهید بووە، "مژدە"ی تەمەن حەوت مانگە لەباوەشم کەوتە خوارەوەو زانیم دەرگای خۆشبەختیم لەسەر کلۆم درا، پاش هەفتەیەك چووم بۆدۆڵی ئالانەو سەردانی گۆڕەکەیم کرد.

ئیتر بڕیارمدا ئیرادەی خۆم نەدۆڕێنم و مژدە گەورە بکەم، ئەوەبوو خەزوورو خەسووم تاکە هیوایان کورەکەی ئێمە بوو، بۆیە پێیان وتم: مادام تۆ دەتەوێ هەر لەگەڵ ئێمەدا بژیت، تائێمە لەژیاندابین ناهێڵین گرفتاری نەبوونی بیت، لەراستیشدا هەروابوون، بەجوتیاری و کرێکاری بەخێویان کردین، خۆشیان دەویستم، منیش لەوکاتەوە تا ئێستا کە"25"ساڵی ڕەبەقە، هەر لای ئەوان و لەیەك خانوودا ژیان دەگوزەرێنم.

لەبەشێکی تری یادەوەرییەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە پیاوانی ڕژێم و سیخورەکانی بەعس بەردەوام تەنگیان پێهەڵدەچنین و پێیان دەوت، راست ناکەیت، مێردەکەت نەکوژراوە، ئەگەر نەیەتەوە تۆ و منداڵەکەت دەبەین بۆ ئەمن، هەر بۆیە بەناچاری و لەترسان هەر ڕۆژێك لەماڵێك خۆی حەشار دەدا.

ئەو شێرە ژنە، بەو شێوەیە، ڕۆژانی تەمەنی بەڕێکردوو، تا راپەرینە سەرتاسەرییەکەی ئاداری "1991"یش نەیهێشتووە کورەکەی بزانێت کە باوکی شەهید بووە، بەڵام وەك وتی: دوای راپەرین کە پۆستەری شەهیدان هەڵدەواسرا، لەدەرەوە وێنەی "شەهید عارف"یان نیشانی مژدە دابوو، ئینجا هەموو رووداوەکانیم بۆ گێڕایەوە.

لەکۆتایشدا ئایشەخان بەخۆشحاڵییەوە پێیوتین کەئەو زۆر سەربەرزە، توانیویەتیی کورەکەی بنێرێتە بەرخوێندن و ئێستاش دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، ژنی هێناوەو هەر دوێنێ واتە ڕۆژێك پێش ئەم دیدارە کوڕێکیان بووە.

# چۆن ڕێز لە ژنانی پێشمەرگەی دێرین بگرین..؟

**دایکی هەردی**


پێشمەرگەی دێرین خاتوو فاتیمە عومەر

بەدرێژایی مێژوو ژن هاوبەش و هاوخەمی پیاو بووە، شۆڕشی گەلەکەشمان بەشێکە لە مێژوویەکی نزیکی ئەو شۆڕشەی ئەمرۆ ئازادی و خۆشی هێنایە کایەوە... بێ گومان ژن ئەگەر خۆی ڕۆڵی راستەوخۆ لە ئەرکێکی شۆڕشدا پێ نەدرابێ بەڵام هاندەری مەعنەوی و کۆڵەکەی پشتی مێرد و برا و باوك و کوڕی بووە.

ژنانی شاخ زۆرینەیان ژنانی مووچە خۆر و خاوەن بەڵگەنامە بوون، چەندین خەون و خەیاڵی جوانیان هەبوو، حەز و، ئارەزو و، موچە و نازی شار و خۆڕازاندنەوە و ناوماڵی جوانیان کردە قوربانی و ڕێگەی شاخیان گرتەبەر، بەدەیان کچانی شار لەجیاتی کراسی سپی بوکێنیان شەرواڵی خاکیان لەبەر دەکرد و لەجیاتی پێڵا و پاپوچی ژنانە پێڵاوی لاستیکیان لەپێ دەکرد و جوانی خۆیان وەلا دەنا بۆ ئەوەی لە شەرەفی خەبات کردندا هاوبەش بن.

ئەوان ناز و نیعمەتی شاریان دەگۆڕیەوە بە پەنابەرد و کونە ئەشکەوت و ژێر کەپر و حەمامی نایلۆن و ماڵۆچکە. گرمەی تۆپ و هاژە هاژی تەیارە و برسێتی و ماندو بوون و بێ سۆراغی برا و کەس و کار و شەهیدبوونی هاوڕێ و ماڵئاوایی یەکجاری هەموو ژیانیانی پڕ کردبوو. هەندەی چاوەڕوانی مەرگ بوون ئومێدی ژیانی ڕۆژی داهاتویان نەبوو چ بۆ خۆیان و چ بۆ هاوسەر و منداڵیان!!

بەپێی کەلتور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، شەرەف و کەرامەتی باوك و براو و بنەماڵە بە ژنەوە بەندەبۆیە لە دەرفەرتی ناهەمواردا دوژمنی داگیرکەر زەفەری پێ دەبردن بۆ سووك و رسواکردن و زراندنی ناویان و نارەحەتی بنەماڵەیان بەدەیان خوشك و دایك و ژنی پێشمەرگە فرێ دەدران. زیندانەوە و ئەشکەنجە دەدران بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ئازارانەدا ئەو ڕۆژە سەختە بونەتە جوانترین و پیرۆزترین یا دەوەری ئەمرۆ کە بەدەنگی دلێرانە باسی لێ دەکەین.

ئێستاش ئێمەی ژنانی پێشمەرگەی دێرین کە هەموو ژیانی خۆمان دانا بۆ ڕۆژانی رابردوو مافی خۆمانە پێ لەسەر مافی خۆمان دابگرین کە داوای قەرە بۆ کردنەوەی ئەو هەموو زیان و ژیانە سەختەمان بۆ بکرێتەوە.

ئەو مووچەیەی کەپێی دەوترێت خانەنشینی یاخود بۆ ڕێزلێنان، هیچ ئەوە ڕێز لێنان نیە بەڵکو چەواشە کردنی خەڵکێکە کە شایانی ڕێزن... خەڵکانێك فیداکار و چاونەترس بن پێویستە بەعەدالەت خەبات و ماندوبونیان رەچاوبکرێ نەك بەشێوەیەك کە قێز لەو ڕێزلێنانەش بکەنەوە.

## ژنی پێشمەرگەو خانە نشینی

**محەمەد قامیشی**

بەهۆی کارەکەمەوە, کە پەیوەندی راستەوخۆی بە خانەنشینی کردنی پێشمەرگە و ڕێکخستنی فایلەکانیەوە هەیە, ڕۆژانە رووبەرووی گرفتی زۆری ئەوژنە پێشمەرگانە دەبمەوە کەپێ لەسەر مەغدوری خۆیان دادەگرن لەبەرئەوەی چەند ساڵە لەتەك هاوسەرەکانیان. براو کورەکانیان، چەندین شاخ و سنوری پڕ لەمەترسی و ژیانی پڕ لەنەهامەتیان بریوە و بەسەر بردوە. ئەوژنانەش لەدەست ئازارو نارەحەتی تۆپ و تەیارە و کیمیاباران و راکەراکی ئەوێ سەردەم پشکداربوون. هەرژنێکیان ئاگای تەواوی لەسەر بردەو گرفت و کێشەودەیان داستانی نەبەرد هەیە. بێگومان بەهەمان ئیحساس و سۆزەوە باسی لێ دەکەن.. دیارە مافێکی رەوای خۆیانە پێ لەسەر مافەکانی خۆیان دابگرن، وەکو قەرەبوو موچەیان بۆ دیاری بکەن. بێگومان زۆرێکیان ئەو موچەیەیان بۆ دیاری کراوە. بەڵام گلەییەکان لەوەدایە، بۆچی جیاوازیەك هەیە لەنێوان ژنانی سەردەمی شاخ و ئەوانەی دوای راپەرین، کوانێ ئەو پێوەرەی کە ئەبێتە پارسەنگ بۆ دوو جۆرەژن. کەیەکێکیان نەهامەتی و قوربەسەری بینیوە. ئەمی دیکە یان بەقەدەر یەکەمیان نارەحەت وئازاری نەچێشتوە. مافی خۆیانە چاوێك بەو بری ئەو خانەنشینە بگێرنەوە وبۆ یان زیادبکرێت. لانی کەم خاوەنی وزەیەکی ماددی سەربەخۆیان بن و ئەسیری ژێر دەستی موچەی مێردەکانیان نەبن. بێگومان هەندێکیان بە کچێتی ئەوێ سەردەم لە ماڵی باوکیان بوون. لەشاخ شویان کردوە. یان هەندێکیان خۆیان هاتون و بونە پێشمەرگە و ناسراون.

بۆیە بە مافی خۆمی دەزانم و بەویژدانیشەوە لەتەك ئەوانەدا دەنگ هەڵدەبرم با تەواوی مافی خۆیان بدەینێ و خەبات و ماندوبونی ئەوانمان لەبەرچاوبێت.